سەماحەتی حەکیم چاوی بە باڵیۆزی ئێرانی کەوت و ستایشی چاوپێکەوتنە فەرمییەکانی نێوان ئێران وسعوودیەی کرد



لەرۆژی28-6-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە بەڕێز محەمەد کازم ئال سادق باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق کەوت و هەردوولا پێرۆزبایی جەژنی قوربانیان لە یەکتری کرد و سەماحەتی حەکیم هیوای خواست هەردوو وڵات و گەلی هاوڕێ لە خۆشی و گەشەداندا ژیان بەسەر بەرن و هەر لەخۆشیدا بن.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە پێیوستە گفتوگۆ کردن درێژەی هەبێت بە ئەوەی قەیرانەکانی ناوچەکە سفر بکرێنەوە، هەروەها ستایشی چاوپێکەوتن و سەردانە فەرمییەکانی لێنێوان ولاتانی ناوچەکە کرد و گوتی ئەوە دەیسەلمێنێت کە هەموو کەکن لەسەر ئەوەی وڵاتانی ناوچەکە بەدوای بەرژەوەندی هاوبەش دەگەڕێن نەك تەك گیربوونی هەوەستەکان.

سەماحەتی داواشی کرد پێیوەندییە دوو قەبەکانی عیراق و ئێران بەشێوەیەك پێش بخرێن کە لە بەرژەوەندی هەردوو وڵات دابێت، دووپاتیشی کردەوە کە ئامادەکاری دەکرێت بە ئەوەی سەردانە ملیۆنییەکانی داهاتوو وەك سەردانی 10ی موحەرەم و چلە بە باشی بەڕێوە بچێت.